# لەپشووی هاویندا خوێندکاران بەدوای کاردا دەگەڕێن

راپۆرت: ئاسۆ

دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بەشێکی زۆری خوێندکارانی کوردستان خەونیان پەیداکردنی کارێکە کەلەوماوەی پشوەی خوێندنداخۆیانی پێوە خەریک بکەن و داهاتێکیش بۆخۆیان دابین بکەن,هاتنی کرێکارانی بیانی وکەمی نرخی کارکردن و گرانی بازار خەونی بەدەست هێنانی کارێکی گونجاوی کردۆتە شتێکی مەحاڵ ئێستا بەشێکی خوێندکاران رۆژانە عەودالی ئەوەن کە کارێکیان دەست بکەوێت.

سیروان محەمەد خوێندکاری زانکۆ وتی: من ماوەیەکە بەهۆی سەعیکردنەوە لەدونیای دەرەوە دابڕاوم ئێستاش کە تاقیکردنەوەکان کۆتایی هاتووەخەونم ئەوەیە کەلەم پشوودا کارێك بکەم بەشێك لەپێداویستییەکانی خۆم دابین بکەم بەڵام کارێکی وام دەست ناکەوێت , زۆربەی سۆپەرمارکێت و شوێنە گەشتیارییەکان یان کرێکاری بیانیان هەیە یان دەبێت کچێکی زۆر جوان بیت ئنجاوەرت دەگرن وکارت دەدەنێ ئێستا بیرم لەوە کردۆتەوە کە عەرەبانەیەك دابنێم .

شیروان عیماد-خوێندکاری کۆلێژی یاسایە لەزانکۆ ,خێزانەکەیان 12 کەسن و کرێچین و باوکیان خانەنشینەووەك خۆی دەڵێت ئێمە خودا بەخێومان دەکات ,لەبەردەم مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانیدا لەکاتژمێر پێنجی بەرەبەیانەوە دەوەستێت بۆئەوەی کرێکاریی بکات ,شیروان وتی :ماوەی چەند رۆژێکە دێم و بەدەست بەتاڵی دەڕۆمەوە, ئەمساڵ وەك رابردوونییەو پڕۆژەی بیناسازیی کەمە شیروان ڕەخنەی توندیی لەحکومەتی هەرێم هەیەو وتی:حکومەت دەرگای کوردستانی والآکردوە بۆعەرەب و تایلەندیی و فارس و بەنگلادیشی وگەنجانی خۆشمان بێکار ماونەتەوە .

ڕەنجەعەزیز-خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی–بەشی کارەبا ئۆباڵی هەموو نەهامەتییەکانی گەنجان دەخاتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم وەك خۆی وتی کەحکومەت بێ پڕۆژەو بێ پلانەو توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نییەو لەهیچ شوێنێکی دونیاش حکومەت کرێکاری بیانی ناهێنێت بۆکارکردن ئەگەر خەڵکی وڵاتەکەی بێ ئیش بێت من یەك هەفتەیە هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی پاسەوانی بینایەکم دەست بکەوێت بەڵام هەوڵەکانم نا ئاکامە.

⋆ لەکۆمەڵگای کوردیدا ژنان کەمتر بەرپرسیارێتی کارکردنیان لەئەستۆیەو کولتوورو دین لەکۆمەڵگادا کاریان بۆژنان وپیاوان جیا کردۆتەوە ژنان ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و کاروباری ناوماڵیان خراوەتە ئەستۆ پیاوانیش کارکردنی دەرەوەو دابینکردنی بژێویی ژیانی خێزانیان لە ئەستۆیە وماوەی چەند ساڵێکە ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ورۆژنامەو کەسایەتییە رۆشنبیرییەکان ئەو نەریت و کولتوورەی ژنان دەخاتە نێوچوارچێوەی ماڵ دەداتە بەر ڕەخنەو ئەوەی کەتێبینیش دەکرێت لەم چەند ساڵەی دوایدا بەشێك لەژنان هاتوونەتە دەرەوەی ماڵەکانیان وشان بەشانی پیاوان کاردەکەن, ڕێژەی ژنان لەچاوپیاواندا کەمەو لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لەخوێندکارانی کچ ئێستا عەودالی ئەوەن کە کاریان دەست بکەوێت .

ئاڤێستا سابیر خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی – بەشی کارەبایە داخی ئەوەی هەڵدەکێشا کە قەت شانسی ئەوەی نەبووە کورێکی هەندەرانی بناسێت و ڕوولەهەندەران بکات ولەوێ ژیانێکی سەردەمانە بژی, ئاڤێستا پێیوابوو ئەگەر ڕوو لەهەندەران بکات لەوێ دەتوانێت بخوێنێت و کاریش بکات وەك خۆی وتی :ئەگەر لە ئەورووپا بومایە دەمتوانی یەك خێزانی گەورە بەخێو بکەم , ئەم خوێندکارە غیرە لەکوڕان دەکات و دەڵێت ئەوان زۆرکار هەیە لەم پشوودا دەستیان دەکەوێت بەڵام کچان دەبێت زۆرتر ماندووبن بۆ ئەوەی کار بدۆزنەوە .

⋆ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی هەرێم و لێدوانەکانی بەرپرسانی حکومەت بەردەوام گەنجان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە کار ناکەن وئامادەنین وەك گەنجانی دونیا بەشداربن لەپێشخستنی وڵاتەکەیان ،هێنانی کرێکارانی تایلەندیی وبەنگلادیشی وئەسیوپی لەنەبوونی هێزی کارلەکوردستان. بەڵام ئەم لێدوانانە لەلایەن هاووڵاتیانی کوردستانەوە دەدرێتە بەر ڕەخنەو گەنجانی کوردستان پێیانوایە حکومەت هەلی کارکردن بۆ گەنجان نادۆزێتەوە.

سیڤا قادر: خوێندکاری زانکۆیەو بەدوای کارێکی گونجاودا دەگەڕێت بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە وتی: حکومەتی هەرێم بەم قسانە دەیەوێت بەر پرسیارێتی لەسەر خۆی لابەرێت منیش زۆرگویم لەم قسانە دەبێت باشە تائێستا چەند کارگە هەیە وئێمە کارمان تێدا نەکردبێت ئەوەی کەئێستا هەیە لەچەند هۆتێلێك و سۆپەرمارکێتێك بەو لاوە هیچی کەنییە وخۆئێمەی ژنان ناتوانین کرێکاریی بیناسازیی و کاری قورس بکەین وابزانم لە ئەوروپاش ژنان ئەو کارە قورسانە ناکەن .

شنۆ نادر- خوێندکارێکی پەیمانگایە وخاوەنی خێزانێکی زۆرن و تەنیا باوکیان کاریان بۆدەکات وتی :دەمەوێت منیش هاوکاریی باوکم بکەم کەمێك ئەرکی ماڵمان سوك بکەم ,شنۆ لێدوانەکانی حکومەتی هەرێمی بە توندیی ڕەت کردەوە و وتی: پێشتر کۆمەڵێك کار هەبوو کەئێمە بیکەین بەڵام بەهێنانی کرێکارە ئەسیوپییەکان ئەو هەلەش نەما بڕۆ سەیری هەر هۆتێلێك یان هەر کافتریایەك دەکەیت پڕ لەو ژنانە ,ئەوان بە پارەیەکی کەم کاردەکەن حکومەت بەرپرسی یەکەمە لەم نەهامەتی وبێکارییەی کە گەنجانی تێیدا دەژین .

بەهمەن محمەد کە دواقوناغی خوێندنی یەك ساڵی دیکەیە وتی: من لە کاتی خوێندنیشدا کارم کردووە بەلام ئێستا بێکارم و پەنام هێناوە بۆئەوەی کە کرێکاریی بینابکەم بەڵام بەداخەوە چەند ڕۆژە دێم وکارنییە ئەوەندە عەرەب وکرێکاری ناوچەکانی تردێن ئیشەکە بەش ناکات بەدەیان کەس بەدەست بەتاڵی دەگەڕێنەوە حکومەتی هەرێم سەرەڕای ئەم هەمووبێکارییەی خۆشمان کرێکاری خاریجی دەهێنێت ئەو لێدوانانەشی کەدەیدەن کەگوایە لاوانی کوردستان ئیش ناکەن ئەوە درۆیەکی شاخدارەو نەك کەس باوەڕ بەم قسانە ناکات بەڵکو تەنانەت خۆشیان باوەڕ بەو قسانەی خۆیان ناکەن

⋆ئایا هێنانی کرێکارانی دەرەوەی کوردستان بۆتە هۆی ئەوەی کەڕێژەی بێکاریی لەکوردستاندا بەرەو هەڵکشان بڕوات یان نەبوونی پڕۆژەی بەرهەمهێنەرو نەبوونی سەرمایەگوزاریی لەبواری بەرهەمهێناندا ئەم قەیرانەی دروستکردووەوزۆربەی شارەزایانی بواری ئابوریی پێیانوایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە پلان بۆ بواری ئابوریی دابنێت ونەبوونی پڕۆژەی بەرهەمهێنەریش ڕێژەی بێکاریی هەڵکشان و بۆئاستێکی مەترسیدار شارەزایان پێیانوایە ئەگەر حکومەت ئاستێك بۆ ئەم دۆخەی ئێستا دانەنێت کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی کوشندە دەبێتەوە, هێنانی کرێکارانی بیانیش ئەوەندەی ترڕێژەی بێکاریی لەناو دانیشتوانی کوردستاندا زیاد دەکات ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆسەرهەڵدانی دەیان گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی.